2020

# ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە پارێزگای هەولێر

## بەرگی دووەم



یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئامادەکردنی: حەیدەر مەنتک

لەسەر ئەركی بەڕێز دەرباز كۆسرەت رەسوڵ چاپ كراوە

ناوی كتێب: ئینسكلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە پارێزگای هەولێر
ئامادەكردنی: حەیدەر مەنتک
پێداچوونەوە: مامۆستا هۆگر جەمال
بەرگ: دووەم
دیزاین: دكتۆر ئەكرەم فەرەیدون
تایپ: حەیدەر مەنتک
ساڵی چاپ: ٢٠٢٠
نۆرەی چاپ: یەكەم
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپخانە: سكای دیزاین

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان/ هەرێمی كوردستان

ژمارەی سپاردنی (٨٣٦) ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

CamScanner

پێشکەشە....

بە گیانی پاکی شەهیدی فەرماندە مامم

(محەمەد غەفوور مەنتک)

حەیدەر مەنتک

CamScanner



# وتەیەک بۆ روحی شەهدانمان

شەهیدانمان بوون بەرەمزی مقاوەمەت و تێکۆشان، بەشێکی ئێجگار مەزنن لەنەخشاندنی مێژووی خەباتی پڕ لەسەروەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و کوردو کوردایەتی. کەبونەتە سەرکەوتنی قۆناخەکانی دوێنێ و شانازییەکانی ئەمرۆمان.

شەهیدان، خوێنی ئاڵییان، رۆحی پاکیان، بۆ ئەم وڵاتەو بۆ رێبازەکەی یەکێتی کردە قوربانی و گیانییان بەخشی. لەدەستدانیان، هەر تەنها رۆیشتنێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو لەدەستچوونییان سەرمایەکی گەورەیە. بەڵام سەربەرزین، کە شەهیدە ئازاکانی ئێمە لەمەتەرێزی کەرامەت و ویژدان و نیشتیمان پەروەرێتیدا، لەسەنگەری مەزنێتی و قارەمانێتیدا، بوونەتە قوربانی. مێژووی ئازادی و سەربەخۆییان رەنگ رێژکردو نرکەی سەرفرازیان دەبیستین. مۆمی داگیرساوی شەوەزەنگ و کۆڵەکەی گەورەیی یەکێتی و گەلەکەمان بوونە.

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان، شاری هەولێر خاوەنی سەدان داستانی پێشمەرگەیە، کە بەخوێنی شەهیدانمان و خەباتی تێکۆشەرەکانمان تۆمارکراوە، کە لەناخی هەمووماندان و بۆ هەمیشە لەیادمان ناچنەوە.

بۆیە دوابەدوای بەرگی یەکەمی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە هەولێر (٢٠١٨)، کە ژیاننامەی (٤١٥)شەهیدی لەخۆگرتبوو. ئەمساڵ بەشێوەیەکی فراوانتر بەرگی دووەمی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەهەولێر، وەک هەوڵێکی پیرۆز، وەک بەرز راگرتنێکی گەورە، پێشکەش بەخانەوادەی سەربەزی شەهیدان و کادیرو ئەندامان و هەواداران و تێکۆشەرانی یەکێتی و تەواوی خوێنەران دەکەین.

ئەم کتێبە زادەی هەوڵ و کۆششی ساڵێک لە شەونخونی و ماندووبوونە. تاوەکو پوختەی ژیاننامەی(٦٠٧) شەهیدی قارەمانی سنوری پارێزگای هەولێر، لە دووتوێی کتێبێکدا کۆبکرێتەوەو رێکبخرێت.

بەندە بەشانازیەوە، هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ سەرکەوتن و سەرخستنی ئەو پرۆژەیە بوومە. بێ دوودڵی و بەپەرۆشەوە پشتیوان و هاندەربوومە، نەوەک هەر بۆ ئەم پرۆژەیە، بەڵکو بۆ هەر کارێک کە لەخزمەت شەهیدان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان بووبێت.

شەهیدانمان بەسەخاوەتەوە بوون بەقەڵغان و گیانیان بەخشی، دەبا ئێمە پارێزگاری لەدەستکەوت و بەرهەمەکانیان بکەین و ناوە پیرۆزەکانیان وەک خۆی ببینین و وەک خۆی بەنەمری بیانهێڵینەوە. نەمری بۆ شەهیدانمان و تێکرای شەهیدانی رێگای ئازادی و رزگاری خاکی پیرۆزی کوردستان، روحیان شاد و جێگایان بەهەشت بێت.

**دەرباز کۆسرەت رەسوڵ**

**هەولێر/ ٢٠١٩**




## شەهید پەیامی بەردەوام... نەک تەرقین قەیدی خەبات

مێژوو رۆژگاران تۆمار دەکات، خەونیش کۆتایی بەسەر خەوە خۆشەکان دێنێ، ژووان کڵێ حەزوو ئارەزووەکان چک دەکات، وشەش لە ئامێزی دەنگێکی زولاڵ دەنگ دەداتەوە ،شەهیدیش لە نەمری خۆیدا هەموو رۆژێ، هەموو دەورو زەمانێ لە نێو ویژدانی گەلەکەیدا بە خوێن لەگەڵمان دەدوێ ،کاشکی دەرفەت دەبوو، دەستمان دەبوو لە هەموو ماڵە شەهیدێکی ئەم کوردستانە لە گشت بستە خاکێکی ئەم نیشتمانە بۆنی خۆشەویستی و دڵسۆزی و ئەمەکداری دەپرژا نەبادا وەک لە رابردوودا مێژوو و کەلتووری گەلی کوردستان بکەوێتە بەر ویژدانی بێ بەزەییانەی هەندێک لە بێگانان بە جۆرێک هەمیشە رووداو و زانیاریەکان وەک خۆی نەدەخرایە روو، خۆشبەختانە ئەوا چەند ساڵێکە کورد لە رێگەی یاداشت نووسین و بیرەوەری و رۆمان و نووسینەوەی مێژوو و کاری وەرگێڕان ئەوا بۆخۆی خەریکە خاوەنداریەتی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەکەی دەکا چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ پێویستە لەگەڵ یادەتاڵەکانی گەلەکەماندا بژین، کارەسات و نەهامەتیەکان بەسەر بکەینەوە ،پەندو وانەی لێ وەربگرین هەستی رووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوونەوە بخولقێنرێت شکۆی میللەتێکی ستەملێکراو بپارێزرێت ... پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای شەهیدان یەکێکە لەو هەوڵە شایستانەکەوا بەڕێز کاک حەیدەر ئەحمەد مەنتک ماوەیەکە ئەرک و ماندووبوونی لەگەڵدا دەکێشێ کارێک شایانی ئافەرین و دەستخۆشیە خزمەتێکی گەورەیە بە ئەرشیفی خەبات وبەرخۆدانی گەلی کوردستان، ئەم پرۆژەیە بەشی یەکەمی (٤١٥) ژیانامەی لەخۆگرتبوو دەرچووە زیندوو کردنەوەی گیانی پاکی شەهیدان رێزگرتنە لە قوربانیدانی گەلێک لە کەس وکاریان.. نووسەری بەڕێز دیارە لەم پێناوەدا کۆڵی نەداوە ئەوا بەشی دووەمی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی ن ک) لە پارێزگای هەولێر دەخاتەوە نێو خەرمانی سەروەری هیوادارین کە (٦٠٧) ژیاننامە لەخۆدەگرێت جگە لە (٢٩٠) وێنەی جوان هیوادەخوازن لەم هەوڵە ناوازەو شکۆمەندانەی بەردەوام بێ، خستنەڕووی وێنەو دیکۆمێنتی شەهیدان و ژیاننامە بە واتای خستنەروو تۆمارکردنی دیارترین مێژووە کە نەوەکانی دووارۆژ شانازی پێوە بکەن، زانین و ناسینی باجی رۆژە سەختەکان ئایندەی لەسەر بنیات دەنرێت، رێگریشە لە بەهەدەردانی ئەو باجانە و دانانی سنووری شەرفەمەندانەیە کە ببڕای ببڕای نابێ کەس بیبەزێنێ... ئەو خوێنە لەکوێ بوو ئاڵای نەتەوەو نیشتمانیش لەو گوزەرە دەشەکێتەوە کاک حەیدەری بەڕێز دەستت بەهێز دەگوشین خۆشحاڵین ئەو سەروەریەت پێبڕاوە کەوا شایانی ئەوەی... رووحی شەهیدانت شاد کرد و ئارامی و ئاسوودەییت خستە دڵی بنەماڵە سەربەرزەکانیان و شانازیش بۆ گەلەکەیان شادو سەرکەوتوو بن .....

**نیعمەت عەبدوڵڵا**

CamScanner



بەرگی یەکەمی ئینسکلۆپێدیای «شەهیدانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان» لە هەولێر لە ساڵی ٢٠١٨ چاپکرا، کە خەبات و ژیاننامەی ٤١٥ شەهیدی یەکێتیی لە شۆڕشی نوێ (١٩٧٦) لەخۆگرتبوو و بە چاپێکی جوان و ڕەنگی لە کتێبێکی هەزار لاپەڕە چاپکرا و لەکاتی خۆی دەنگی زۆری دایەوە، هەر ئەوەشبوو، نووسەری هاندا، لەسەر ئەم پڕۆژە جوان و پێوسیتەی بەردەوام بیت، بۆیە لەماوەی کەمتر لە یەک ساڵ بەرگی دووەمی ئینسکلۆپێدیای «شەهیدانیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان» لە هەولێر ئامادەکرا و بە یارمەتی و پشتیوانی کاک دەرباز کۆسرەت ڕەسول چاپکرا. بەرگی دووەمی خەبات و ژیاننامەی (٦٠٧) شەهیدی هەولێر و دەوروبەری لەخۆگرتووە، کە بێگومان تەواوی شەهیدانی یەکێتیی هەولێر، لەم دوو بەرگە شوێنیان نەبۆتەوە، بۆیە ئەو پڕۆژەیە تا یەک شەهید مابێ، بەردەوامبوونی هەیە.

کتێبی ئینسکلۆپێدیای «شەهیدانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان» لە هەولێر، جگە لەوەی زانیاری زۆر وردی تێدا، هەنگاوێکی گچکەشە، بۆئەوەی کەس لەبیر نەکرێ، بۆ ڕۆژنامەنووس و نووسەرانیش سەرچاوەیەکی باشە، کە لە نووسینەکانیان سوودی لێوەربگرن و مێژوو بنووسنەوە، وەک چۆن ڕوویدایە. لێرە و لەو نووسینە کورتە، باس لەوە هەرناکەین، نەوەکانی داهاتوو لە خەبات و تێکۆشانی حزبێکی گەورە (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) تێدەگەن، کە بۆ ئەو ئازادییەی ئیستا لە کوردستان هەیە، دەریایەک خوێنی ڕشتووە، جوانترین ڕۆڵەی پێشکەش کردووە.

**د. مەغدید سەپان**

CamScanner

# چەند وشەیەک

## نەمری بۆ شەهیدان و سەربەرزی بۆ کەسوکاریان

کەسوکاری شەهیدان، پێشمەرگە دێرینەکان، کەم ئەندامانی سەنگەر، لێرەوە دەمەوێ جارێکی تر بەلێنی وەفاو خۆشەویستی بۆ شەهیدان و ئێوەی قەدر گران دووپات بکەمەوە، وەک چۆن لە ٢٠١٨/٣/١١ مەراسیمی ناساندن و دابەشکردنی بەرگی یەکەمی کتێبی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتی لەهەولێر بەڵێنم پێدان، ئەگەر بە شەونخونیشەوە بێت هەوڵ بدەم و بەردەوام بم، بەرگ دوای بەرگ کار بکەم، بۆ کۆکردنەوە و بەدواداچوونی زیاتری شەهیدانی سەربەرزی ڕێگەی ڕزگاریخوازی کوردستان. بۆ ئەوەی بەچەند بەرگێکی شایستە بەخەبات و تێکۆشان و بەرخودان و سەروەریی شەهیدەکانمان، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکەین. تا وەکو نەوەی ئێستاو داهاتوو بزانن کە ئەو حکومەت و پەرلەمانەی هەمانە، بەری ڕەنج و بەخشین و لەبەر ڕۆیشتنی ڕوبارێک خوێن و کاروانی شەهیدانە، ئەگەرچی کارکردن لە دۆسیەیەکی وا گەورە بۆ تاکە کەسێک ئاسان نیە، بە تایبەتی لە سنورێکی فراوانی وەکو پارێزگای هەولێر، ئەمە کاری دەزگایەک، یان مەکتەبێک و گروپی چەند کەسییە وەلێ لە نەبوونی، یان ئەنجام نەدانی ئەو دەزگاو لایەنە پەیوەندارانەی پەیوەستن بە شەهیدان، من وەک وەفایەک شانم داوەتە بەر ئەو شەرەفە گەورەیە، کە بەڕاستی شەرەفێکی گەورەشە ناوم بەسەر بەرهەمێکی وا گەورەوە بێت، روون و ئاشکرایە کە بەرگی یەکەم ژیاننامەی (٤١٥) شەهیدی لە خۆ گرتبوو، لەگەڵ ئەلبومێکی وێنەیی و بەشیک لە لاپەرەکانی رۆژنامانەی کوردستانی نوێ کە ژیاننامەی شەهیدانی تیا بڵاوکرابووەوە. بەلام بەرگی دووەم (٦٠٧) ژیاننامەی شەهید لە خۆدەگرێت،لەگەل ئەلبومێکی (٢٩٠) وینەیی دانسقەی تیپەکانی ئەوێ ڕۆژێی سنوری مەلبەندی (٣)ی هەولێر. هەروەها ئەم بەرگەیان دوو بەشی تری بۆ زیاد کراوە، وەک وەرگرتنی ڕاو بۆچونی ژمارەیەک نووسەر لەسەر بایەخ و گرنگی پرۆژەیەکی لەو شێوەیەی ئینسکلۆپیدیای شەهیدان، هەروەها خستنەڕووی کاروچالاکیەکانی بەرگی یەکەم کە بریتیە لە وینەی مەراسیمەکانی هەولێر - کۆیە - سۆران و چەندین وێنەی سەردان و بەسەرکرنەوەکانم بۆلای خانەوادەی شەهیدان، لە کۆتاییدا سوپاسی (دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ) دەکەم کە بەردەوام پەرۆش و هاوکاری ئەو پرۆژەیە بووە. سوپاسی هەموو ئەو کادیرو کەس و کاری شەهیدان و هەڤالانەم دەکەم کە بەوشەیەک هاوکارم بوونە بۆ ناساندنی کەس وکاری شەهیدان و هێنانی ژیاننامەی شەهیدان، ئینسکلۆپیدیا بەردەوام دەبێت تا یەک شەهید مابێ لە سنوری پارێزگای هەولێر. خوازیاربووم ئەم پرۆژەیە گشتگیر بوایە بۆ هەموو کوردستان و هەموو حزب و لایەنەکان.

**حەیدەر مەنتک**
٢٠١٩/٣/١١

CS CamScanner

# راوو بۆچوونی نوسەران لەسەر کتێبی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە پارێزگای هەولێر



#ماندوو نەبیت هەڤاڵ حەیدەر



لە راستیدا ئەم کارەی حەیدەر مەنتک پێی هەڵساوە هی یەک کەس و  دووکەس نییە، بەڵکوو کاری دەزگایەک یاخود دەستەیەکی چەند کەسییە، چونکە ئەمە جیاوازە لە هەر کتێبێک کە نووسەرێک لە چوارچێوەی خەیاڵی خۆیدا نەخشەی بۆ کێشاوە و لە ژێر رۆشنایی ئەوەی لە بیریدا کەڵەکە بووە، یان بەپێی بەڵگەکانی بەردەستی، وردە وردە دەست بەنووسینی دەکات، ئەمە بەدواداچوون و وردەکاری و بەراوردو گەڕانێکی یەکجار زۆری دەوێت، بە ئاکام گەیاندنی کارەکە ساڵێک و دووساڵ زیادتری دەوێ، ئەمە ئەرکێکی پیرۆزە ئەو هەڤاڵە پێی هەڵساوە، بەڵام هەستیاریشە و ئاسان نییە، کۆکردنەوەو پۆلینکردنی ژیاننامەو وێنەی شەهیدانی حزبێکی گەورەو کاریگەریی وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە چەند بەرگێکی قەبارە گەورەدا، کە بەدەگمەن رۆژێک هەیە ئەو حزبە پێشمەرگەیەک یان پۆلێک لە تێکۆشەرانی، لە سەنگەردا یاخود لە زینداندا شەهید نەبوون، بەتایبەتیش لە سنوورێکی فراوانی وەک پارێزگای هەولێرو خودی شاری هەولێردا.

ئاشکرایە هەر کارێک و لەهەر بوارێکدا کە بەدواداچوون و گەڕان و وردەکاریی و فرە سەرچاوەیی بێت، وزەو کات و کاری  زۆری دەوێت و شتێکی هەروا ئاسان نییە، بۆیە ئەوەی کە کراوەو هاتۆتە بەرهەم، دەریدەخات هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونێکی زۆری ویستووە و  کاک حەیدەر شایستەی دەستخۆشی و ماندوونەبوون لێکردنە.

من لێرەدا ئەوەندەی دەمەوێ دەستخۆشی لێبکەم، هێندە نامەوێ بچمە سەر هەڵسەنگاندن، یان دیوێکی پرسیارئامێز و رەخنەیی ئەوتۆ کە ئایا  کتێبی (ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی ی.ن.ک لە پارێزگای هەولێر) لە رووی زانستیی و ئاکادیمییەوە تا چەند دەچێتە چوارچێوەی ئینسکلۆپیدیاوە؟، بەڵکوو تەنها جەخت لەوە دەکەمەوە ئامادەکار دەستی داوەتە کارێکی پیرۆز، ماندوونەبوونیی لێدەکەم، باوەڕیشم بە وزەو توانای ئەو هەیە کە بەرگەکانی دواتری بەرگی یەکەمی ئەم پڕۆژە گرنگە، جوانترو شایستەتر دەبێت.

**ئاوات کۆکەیی**



CamScanner

# ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی هەولێر لە خوێندنەوەیەکی کورت دا



ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئازاد کردنی هەرێمی کوردستان و دامەزراندن و پاراستنی حکومەتی هەرێم و بەدەست هێنانی دەسکەوتە نەتەوەیی و ستراتیژیەکانی ئەم هەرێمە لەخۆوە و بەشێوەی خۆڕسک نەهاتوونەتە دی و خێر و چاکە و پاداشتی کەس نەبوە بەڵکو بەرەنجامی تێکۆشانی دەیان ساڵەی ڕۆڵەکانی گەلەکەمانە، تێکۆشانیش زادەی ئەو هەموو زوڵم و زۆرە بوە کە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامیان داوە. گەر ڕژێمەکانی عێراق مافە سیاسی و مەدەنیەکانی کوردیان بسەلماندایەو شەڕیان بە کورد نەفرۆشتایە، گەر خەڵکی کوردستان وەک هەر هاونیشتیمانیەکی تری عێراقی گوزارشتیان بکردایە لە مافەکانیان بێگومان شۆڕش هەڵنەدەگیرسا و کەس دەستی بۆ چەک نەدەبرد و هیچ کەس نەدەبوە قوربانی و کەسیش سەرگەردان و ئاوارە نەدەبوو، بەڵام ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق نەک هەر مافەکانی گەلی کوردیان نەسەلماند بەڵکو بە ڕێگە و شێوەی جیا جیا پەلاماری کوردستانیان دا و دەستیان کرد بە سەرکوت کردن و گرتنەبەری سیاسەتی داگیرکاری لە ڕێگەی جێ بەجێ کردنی پلان و سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەب کردنی هەرێمی کوردستان بەمەش نوخبەی سیاسی کوردیان ناچار کرد جارێکی تر شۆڕش هەڵگیرسێنن .شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و هەڤاڵ مام جەلال ڕووبەڕوی هەموو ئەو پیلان و سیاسەتانە بونەوە کە دەیانویست گەلی کورد ملکەچی ڕاسپاردە شۆڤینیەکانی بەغدا بکەن و هەرێمی کوردستان لە بۆتەی عێرا ق دا بتوێنێتەوە، گەر پێشمەرگە و شۆڕش نەبوایە بەعسیەکان پیلانی گۆڕینی دیموگرافیای زۆربەی کوردستانیان جێ بەجێ دەکرد و لە شوێن هەر کوردێکی دانیشتووی شارەکانی هەولێر و سلێمانیش عەرەبێکیان نیشتەجێ دەکرد، ڕووبەڕو بونەوە لەگەڵ حکومەتێکی پڕ چەک و میلیتاریزە کراوی وەک عێراق کردەوەیەکی ئاسان نەبوو بەڵکو گیانبازی و فیداکاری و قوربانی زۆر و زەوەندی ویست، هەر لە چرکە ساتی یەکەمی هەڵگیرساندنی شۆڕشەوە تا دەرپەڕاندنی دەوڵەتی عێر ق لە هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆماڵی و پاراستنی هەرێمی کوردستان لە پەلامار و لەشکرکێشی و پیلانی دووژمنکارانە هەزاران پێشمەرگە گیانیان بەخشی و شەهید بوون کە ناویان لە لاپەڕەی سەروەری میللەتەکەمان نوسراوەتەوە.



CamScanner

بۆ ئەوەی ناو و ناونیشانی هیچ شەهیدێکی کاروانی لەبن نەهاتوی شەهیدان وون نەبێت و هەمیشە بە زندوویی لە دڵ و دەروونی تاکی کورد بمێننەوە، هاورێ و هاوپیشەم (حەیدەر مەنتک) دەستی بردوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی مەزن کە تۆمار کردنی ژیان و ژیاننامەی شەهیدانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە و ناوی ناوە ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی ی.ن.ک) لە هەولێر، بەش بەحاڵی خۆم کاتێک ئەم کتێبەم خوێندەوە ئنجا باشتر تێگەیشتم ئەم میللەتە لە پێناوی وەدەستهێنانی ئازادی چەندە قوربانی داوە و چەندە خوێنی رۆڵەکانی رژێنراوە، چەندە فیداکاری نواندوە و چەندە خێزان کوێر بوونەتەوە و زۆربەیان بوون بە قوربانی رێگای سەرفرازی و ئازادی کوردستان، خێزان هەیە پێنج یاخود چوار یان سێ یاخود دوو کوریان هەبوە و سەرجەمیان لە پێشمەگایەتی و دووژمن بەزاندن شەهید بوون و ناو و ناونیشان و ژیاننامەیان لەم ئینسکلۆپیدیایە تۆمار کراون. وەنەبێت حەیدەر مەنتک جاری یەکەم و نوسینی یەکەمی بێت لەسەر شەهیدان و ژیاننامەی شەهیدانی کوردستان بەڵکو بەدرێژایی ماوەی تەمەنی کاری رۆژنامەنوسی خۆی دا کەم لاپەڕەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ هەیە بابەت و سەرگوزشتەو ژیاننامەی شەهیدانی لێ بڵاو نەکردبێتەوە، کە پیرۆزترین ئەرکی جێ بەجێ کردوە لە زندوو هێشتنەوەی ناو و ناونیشانی شەهیدانی کوردستان .ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە هەولێر لە بەرگێکی قەشەنگ دا جێی بۆ کراوەتەوە و یەکەمین بەرگی ئینسکلۆپیدیاکەیەو قەبارەکەی ( ٢١X٢٩ ) و لە هەزار لاپەڕەدا کۆ کراوەتەوە، نوسەر لەسەرەتا دا بۆ مەرگی ناوادەی گەنجێکی خۆبەخشی هەولێری ووتەیەکی کورتی نوسیوە بەناوی بریار کە هاوکارێکی زۆر باشی بوە لە رێکخستن و جوانکاری بۆ وێنەکان و بە حەسرەتەوە بوە ئەم پرۆژەیە ببینێت بەڵام نەخۆشی و مردن بواری نەداوە، لە لاپەڕەیەکی تردا کاک دەرباز کۆسرەت رەسوول وتەیەکی کورتی لەسەر گرنگی ئینسکلۆپیدیاکە نوسیوە و بە بەبایەخەوە لێی ڕانیوە، هەروەها د.عەبدول واحید ئیدریس شەریف پێشەکیەکی جوانی بۆ کردۆتە بەرکوتی کتێبەکەو ناوەرۆکەکەی جوانتر کردوە .نوسەر نۆسەد لاپەڕەی تەرخان کردوە بۆ ژیاننامەو وێنەی شەهیدەکان کە سەرجەمیان بریتین لە چوارسەد و پانزە شەهید و سەد لاپەڕەشی تەرخان کردوە بۆ وێنە و دیکۆمێنت و بەڵگەو نوسراو و بابەتەکانی خۆی لەسەر شەهیدان، ئەوەی سەرنجی ڕاکیشام ئەوە بوو نوسەر هیچ هەڵاوێردنێکی نەکردوە لە زنجیرەی ژیاننامەو ناوەکان بەڵکو بەپیتی ئەبجەدی لە ئەلفەوە دەستی پێ کردوە نەک پلەی سەربازی و ئاستی سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ هەر یەک لە شەهیدەکان و کەسوکاریان بۆ نموونە لە شەهید ئاراس شیوەجانیەوە دەستی پێ کردوەو لە شەهید یونس جامیەوە کۆتایی پێ هێناوە، ئەمەش ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە شەهیدان لای نوسەر یەک پلەیان هەیە ئەویش پلەی بەرزی شەهیدە نەک زاڵ بوونی پەیوەندیەکان و سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ شەهیدێکی دیاریکراو، باشترین بەڵگەش ئەوەیە یەکەم ژیاننامەی شەهید خاوەنی هیچ پلەیەکی سەربازی نەبوە و دەیان شەهیدی تر کە پلەی سەربازی بەرزیان هەبوە کەوتونەتە ناوەڕاستی ریزبەندیەکەی. لێرەدا بە پێویستی دەزانم پێشنیارێک بخەمە بەر چاوی هاورێم (حەیدەر مەنتک) کە ئینسکلۆپیدیاکەی تەنها شەهیدانی پارێزگای هەولێر و تەنها شەهیدانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نەگرێتەوە بەڵکو شەهیدانی چوار پارێزگاکەی تری کوردستان: کەرکوک، سلێمانی، هەڵەبجە، دهۆکیش بگرێتەوە بەجۆرێک شەهیدانی حزب و پارتەکانی تریش لە خۆبگرێت کە رۆژگارێک لە ڕووبەرو بوونەوەی دووژمنانی گەلەکەمان شەهید بوون ئینسکلۆپیدیای (ی.ن.ک) لە هەولێر



CS CamScanner

یەک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانە کە لە داهاتوودا وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بەکار بهێنرێت بۆ نوسینەوەی قۆناغە مێژووییەکانی شۆڕشی نوێ و بە زانستی نوسینەوەی مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستان، ماوەتەوە بڵێم یەک لە گرفتەکانی خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئەوەیە قەبارەکەی گەورەیە و دەکرا لە چوارسەد لاپەڕەدا بنوسرایەتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو نەبێت لە خوێننەوەی نەک نزیکەی هەزار لاپەڕە . شایەنی باسە پێویستە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە چاوی بایەخەوە لە ئینسکلۆپیدیاکەی بڕوانێت و تێچووی لە چاپدانی لە ئەستۆ بگرێت و بیکات بە کەرەستەیەکی مێژوویی گرنگ چونکە بەقەد ئەوەی سەروەریەکانی یەکێتی خستۆتە ڕوو هێندەش کەرەستەیەکە مێژووی گەلی کوردی دەوڵەمەند کردوە . دواجار دەمەوێت دەست و پەنجەی ماندووی (مەنتک)ی هاوڕێم بگوشم کە کاتێکی زۆری خۆی و خانەوادەکەی بۆ نوسینەوەی ژیاننامەی شەهیدان تەرخان کردوە، دەتوانم بڵێم تۆما کردنی داستانێکە، نەبەردیەکی دەگمەن و بێ وینەیە .

**جومعە کانی لەلەیی**



CamScanner

# کارێکی بێ هاوتا لە نرخاندن



هەموو مرۆڤێک لە ژیاندا کارێک دەکات، بەڵام ئەو کارەی دەیکات چەند سوود بەخشە و چەند سوودی هەیە بۆ مێژوو. ئەوەی کاک حەیدەر مەنتک کردوویەتی لە ئامادەکردنی ژیاننامەی شەهیدانی یەکێتی و کارێکی زۆر باشی کردووە، ئەوەی ئەو کردوویەتی کارێکی مەیدانی و لێکۆلینەوەیەکی بە سەلیقەیە بۆ ژیاننامەی شەهیدان. ئەمەش بۆ دوارۆژ سوودی زۆری هەیە لە کاتێکدا وەک ئەنسکلۆپیدیایەک چاپی دەکات .هەرکاتێک وەزارەتی شەهیدان ویستی لیستی شەهیدان پاک رابگرێ و دلنیابێت لە راستی و دروستی شەهیدان ئەم ئەنسکلۆپیدیایە سەرچاوەیەکی تەندروستی دەبێت. خۆزگە بۆ بابەتەکانی تریش کەسانی وەک کاک (حەیدەر) خۆیان تەرخان دەکرد بۆ ساغکردنەوەی بابەتەکان، بەتایبەت بۆ ساغکردنەوەی پێشمەرگە دێرینەکان و ساڵی پەیوەندی و ساڵی وازهێنانیان. یاخود لەسەر چالاکی و داستانەکان لێکدانەوە و بەدواداچوونی بۆ بکرێت .دەست خۆشی لە کاک (حەیدەر) دەکەم و هیوای بەردەمی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

**شادمان مەلا حەسەن**

# تۆ بەم کارەت متمانە و بەڵێنت نوێ کردەوە لە نێوان ماڵباتی شەهیدان و یەکێتیەکەی حزبی شەهیدان



یادکردنەوە و بەسەرکردنەوە و لە بیرنەکردنی شەهیدان لەگەڵ ئەوەی ئەرکی هەر نیشتمان پەروەر و دڵسۆزێکە، لەوەش زیاتر ئەرکێکی گرنگ و پێویستی سەرشانی هەڤاڵانی حزبی و دۆستە نزیک و دڵسۆزەکانی هەر شەهیدێکە، بەڵام بەژمارە کەمن زۆریش کەمن ئەو خەمخۆر و ڕاستگۆ و بە وەفایانەی شەو ڕۆژ بخەنە سەریەک و ماڵ بەماڵ و دەرگا بە دەرگا و بەنامە و تیل و هەموو شێوازەکانی پەیوەندی بەدوای زانیاری و وێنەو و یادەوەری و نهێنی شاراوە و وەبیرهێنانەوەی داستانی لەبیرکراو و گەڕان بەدوای خەمە پەردە پۆشکراوەکان و ئاواتە بەدی نەهاتوەکانی ژێر گڵ و فرمێسکی چاوی دایکی شەهیدان و گوێگرتن لە قرچەی سووتاوی جەرگی باوکان و ناڵەو حەسرەتی ڕۆڵەی شەهیدان و قژ ڕنینی خوشکان و پەنایەکی بەهێزو دڵسۆز بۆ برا پشت شکاوەکان و دەیان و دەیان هەوڵ و کاری تر، ڕانەوەستێ و نەسرەوێ و ئارام نەگرێ، ئەوە هەر تۆی هەڤاڵ (حەیدەر مەنتک) ئەم هەموو جوانی و دڵسۆزی و وەفا و گیانی هەڤاڵانەو ئەرکە پیرۆزەت لە ئەستۆ گرتووە، ئەوا ئەتۆی ئەرکی سەدان و هەزارانت لە هەڤاڵانی خۆت بەتەنها لەکۆڵ ناوە، دەرچوونی چاپی یەکەم لە ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی. ن.ک) لە هەولێر لە دووتوێی بەرگێکی ١٠٠٠ لاپەڕیی ڕەنگاو ڕەنگی گوڵ باران و شایستە دا، یادکرنەوە و پیشان دان و خستنە ڕووی دەیان و سەدان یادەوەری و ژیاننامەو وێنەی جۆراو جۆر و دووبارە گەڕانەوە و زیندوو هێشتنەوەی ٤١٥ شەهید لە بەرگێکی قەشەنگدا ،کارێکە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هێندە سادە و ساکار نیە، مەگەر هەر خاوەن شەهیدەکان و یەکێتیە دڵسۆزەکان و هەولێریەکان بتوانن ماندو نەبوون و دەست خۆشی لەتۆی دڵسۆزی شەهیدان بکەن، مەگەر هەر دایک و باوکی شەهیدان و کوڕ و کچ و خوشک و برای شەهیدان بتوانن دەستی ماندووبونت بگوشن لە بەرامبەر ئەو ڕێزو وەفاداری و دڵسۆزی و ڕاستگۆییەی تۆ بۆ فرمێسکی پڕ حەسرەت و هەناسەی سارد و جەرگی سووتاو و پشتی شکاوی خاوەن شەهیدەکان بە ئەنجامت گەیاند، تۆ بەم کارەت نەک هەر بەئەرکی هەڤاڵانەی خۆت



CS CamScanner

هەڵساوی بەڵکو بەم کارەت دووبارە گیانت خستەوە بەر ڕاستگۆیی و وەفاداری و گیانی هەڤاڵێتی و سوور بوون لەسەر ڕێبازی پیرۆزی شەهیدان، تۆ بەم کارەت ئینتیمات گەڕاندەوە بۆ نەتەوە و نیشتمان و حزبەکەی شەهیدان، بەم کارەت خەمی چەندین ساڵە و هاوار و ناڵەی کەس و کاری شەهیدانت کەم کردەوە، فرمێسکی چاوی خانەوادەی شەهیدانت سڕیەوە، تۆ بەم کارەت متمانە و بەڵێنت نوێ کردەوە لە نێوان ماڵباتی شەهیدان و یەکێتیەکەی حزبی شەهیدان، بەم شەو نخونیەت ناسنامەیەکی تری پڕ لە شەرەفمەندی و سەربڵندی و شۆڕشگێڕیت بە هەولێر بەخشی، بەم ماندووبونەت هەولێر و یەکێتیت زیاتر و زیاتر ئاوێتەی یەکتر کرد و مێژووی ئەم شارە و قوربانیەکانیت ڕەنگینتر و سەرفیرازتر کرد، لە کۆتایی دا دەڵێم وەک یەکێک لە بنەماڵەی شەهیدان و یەکێتی ، وەک بنەماڵەی شەهیدی سەرکردە (بەکر جۆلا) دوای دەست خۆشی لە تۆی هەڤاڵ، مەدالیای وەفا و گوڵ و پاکی و جوانی، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لە یەخەی تۆی ئازیز دەدەم .......

**ئازاد جۆلا / هەولێر**
**٢٠١٩/٨/١٠**



CamScanner

# ئینسایکلۆپیدیا وەک پرۆژەیەکی گرنگ و شەهیدانیش وەک سەروەرییەکی گەورە



چاپکردنی بەرەگی دووەمی ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە سنووری پارێزگای هەولێر، تەنیا لە ماوەی نزیکەی یەک ساڵ تێپەربوون بەسەر بەرگی یەکەمیدا، نیشانە و ئاماژەیەکی ڕوونی خەمخۆری و بەهەند وەرگرتنی ئەو ئەرکە ئەمەکدارییەی ئێوەیە بۆ کاروانی دوور و درێژی شەهیدان. بە جێگەیاندنی ئەرکێکە کە لە بنچینەدا ئەمە کاری دەزگایەکی ڕێکخراوی چەندین کەسییە، بەڵام وەک دیارە ئێوە بەتەنیا شانتان داوەتە بەر و جگە لە هاوکاری و یارمەتی کەسانێکی دڵسۆز، ئێوە بە ماندوبوون و شەونخونی خۆتان ئەو پرۆژەیەتان ئەنجام داوە. بە دلنیایی کاری ئینسایکلۆپیدیایی یەکێکە لە کارە هەرەباش و پێویستییەکانی سەردەم، کە گەلانی جیهان هەر لە زووەوە دەستیان داوەتی و بەردەوامیش کاری تێدا دەکەن، لەو ڕوانگەیەشەوە کە پەنابردنە بەر ئەم جۆرە پرۆژانە، بۆ ئەو کەسەی کە ئەنجامی دەدات، جگە لە ماندوبوون، جگە لە دڵسۆزی، جگە لە ئەمەکداری، هیچ بەرژەوەندییەکی کەسی تێدا نییە، ئەوە نەبێت بەم کارەی بۆ هەمیشە ناوی دەمێنێتەوە و دواتریش کەسانێکی زۆر سوودی لێوەر دەگرن، بەتایبەتی ئەوانەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئاکادیمی لە بوارە جیاجیاکان ئەنجام دەدەن. ئەمە شتیکی ئاساییە، هەمیشە دوای ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەک چەندین تێبینی و پێشنیار دەخرێنەڕوو. بەڵام بەداخەوە بە هۆی ئەوەی زۆربەی زۆری ئەم جۆرە پرۆژانە، پرۆژەی تاکە کەسین، توانا دارایی و هونەرییەکان سنووردارن، هەم خودی پرۆژەکە بێ کەموکورتی نابێت، هەم دواتر چارەسەرکەردنی کەموکورتییەکانیش ئاسان نابن، بۆیە بە تێڕوانیین لە چاپی یەکەم، کە هێشتانیش دیار نییە چاپی بەرگی دووەم چۆن دەبێ، دەکرا وەک ئاسانکارییەک لە خستنەڕووی هەندێ زانیاری بنچینەیی وەک ساڵی لە دایکبوون و پەیوندی و ساڵی شەهید بوون و شوێنی شەهید بوون و هەندی زانیاری دیکەی لەو شێوەیە، بە شێوەیەکی دیزاینکراوی جیاواز لە ناوەڕۆکەکەی نەخشە بکرێت، ئەمەش هەم دیزاینەکە جوانتر دەکات، هەم گەیشتن بە هەندێ زانیاری سەرەکی بۆ خوێنەر ئاسانتر و

خێراتر دەبێت. گومانی تێدا نییە، نووسەر یان دانەر لەم جۆرە پرۆژانەدا تووشی هەندێ هەڵەی مێژوویی، یان خستنەڕووی هەندێ زانیاری دەبێت، بۆیە کارێکی باش دەکات لە بەرگە یەک لە دوای یەکەکاندا، بەشێک تەرخان بکات بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە پێویستن. وەک وتم ئەمە تەنیا کاری کەسیک نییە، ئەگەرنا دەکرێ ئەم جۆرە پرۆژانە زۆر لە ئاست ترەوە ئەنجام بدرێن، ئەویش بە دەوڵەمەندکردنی پاشکۆکانی ئەم ئینسایکلۆپیدیایە، ئەگەرچی لە بەرگی یەکەمدا بایەخی بە وێنە ئەرشیفییەکان داوە، بەڵام زیاتر لەوەش، ئەگەرچی ماندوبوونێکی زۆری دەوێ، بەڵام بە پێی تواناو دەستکەوتن دەکرێ هەوڵی بەدەست هێنانی وێنەی کەرستەی پاشماوەی شەهیدەکان، یان دەست خەت و نامەکانیان، کە ڕەنگە تاڕادەیەک لای کەس و کاریان پارێزراوبن، دەکرێ بخرێنە نێو ئەم ئینسایکلۆپیدیایە، بەدڵنیاییەوە ئەنجامدانی ئەم وردەکاریانە بەهای ئەم پرۆژەیە زۆر زیاتر دەکان، ئەگەرچی پێشم وایە بەدەر لەوەش، ئەم کارە هەر بەتەنیا کۆکردنەوە و تۆمارکردنی ناو و وێنە و ژیاننامەی شەهیدان مایەی ئەوپەڕی ستایشە.

**سمکۆ عەبدولکەریم**



CamScanner


# ئینسکلۆپیدیای شەهیدان!



من وای بۆدەچم، خۆزگە هەڵەبم، کورد جا لەبەر هەر هۆیەک بێت بەهایەکی گرینگی بۆ قوربانیەکان دانەناوەو ئاوڕی لێنەداوەتەوە، ناڵێم پێی نەتاساوەو نەیکردۆتە بەیتو باڵۆرەی لاوکو حەیران .لەوانەیە تا ئەو نزیکانەی مێژووی ئێستامان واتە تاکۆتایی دەیەکانی سەدەی پێشوو، خەڵکانێکی زۆر لەبەشداربوانی یان بڵێین لەپێشمەرگەی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو سمکۆی شکاک و شێخ سەعیدو ئیحسان نوری پاشاو شێخ عوبەیدوڵا و سەید تەهای دەرسیم و لەژیاندامابن، دواتریش لەشۆڕشی ئەحزابەکان لەکۆماری کوردستانەوە لەمهاباد تائێستا لەژیاندامابن، نەلیستێکمان بەتەواوی هەیە بۆزیانەکان نەلیستێک بۆژمارەو ناوی شەهیدان. هەرچەندە ژمارەی خوێندەوارو کتابو قەلەم لەوسەدەیەدا لەهەموو سەدەکانیتر زیاتربووە. ڕاستە ئێستا لیستێکمان هەیە بەناوی لیستی خانەنشینی شەهیدان بۆکەمێ ئیمتیاز بۆمیراتگری شەهیدەکان بەڵام لەکۆتاییداو لەڕاستیدا میراتگری ڕاستەقینە میللەتەکە خۆیەتی بەگشتی ، هەر شەهیدێک بەر لە دوو سەد ساڵ یان زیاتر شەهید بووە ئێستا کۆی گشتی شەهیدی ئەو میللەتەن. کاک حەیدەر مـەنتـک، کارێکی ئەوەندە جوان و پیرۆزوو ڕاستیقینەی کردوە بەکۆکردنەوەی بەشێک لەناوی شەهیدان وەک ئەوەی وایە هەنگاوی یەکەمی بەردی بناغەی پەیکەری شەهیدانی دانابێ، یان دەتوانین بەبەشی یەکەمی ئینسیکلۆپیدیایەی شەهیدان ڕۆحی شەهیدان لەماڵێکدا بۆکۆکردبینیتیەوەو کە هەم کتابێکی بەمتمانەو پرسەروەریە هەم بۆتوێژینەوەش باوەڕپێکراوە. بۆ ئێمەی هاوڕییانی ئەو شەهیدانەش لەسەرەمەرگدا دەتوانین ئاسانتر بەهۆی وێنەکانیانەوە، دوادیداری هاوڕێ شەهیدەکانمان بێتەوە بەرچاو، لەسەردەمی سەروەریدا کزەی خۆشیەک بەدەرونێکی ئاسودەدابێت و سەردەمی شەڕەفمەندیمان بیرکەوێتەوە. کاک حەیدەری برا وەسفێکی گونجاو بۆکارەباشەکەت بۆشەهیدان نابینمەوە، بەڕێزتان بۆشەهیدان پاداشتێکی باشتکردوەو بۆئێمەی هاوڕێیانی شەهیدان نازو منەتێکی زۆرگەورەت نواندوە و بۆخۆشت ئەکادیمیانە، بەردێکت هاویشتە سەربەردی بناغەی دیوارێک تاماوە لەماڵی شەهیدان دەمێنێ. خۆزگە خۆزگە خۆزگە ئینسیکلۆپیدیای هەموو شەهیدی حیزبەکان دەکرا بەیەک . لەگەڵ ڕێزدا

**چاپووک سەید عومەر**

# ئینسکۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە پارێزگای هەولێر



ئەنجامدان یان ئامادەکردن ونوسینەوەی ئینسکۆپیدیا، بەرلەوەی کارێکی سەخت و خاوەن ئیرادە و حەوسەڵەیەکی دەوێت خۆی لەخۆیدا هێندەی لەتوانای کاری تاکەکەسیدایە، ئەم هەوڵانە پێویستە وەک کاری دەستەجەمعی چاویان لێبکرێت و بخرێنە بەرنامەی کارەوە .

ئەم کارەی کاکە (حەیدەر مەنتک) لە کتێبێکی قەبارە گەورەی (١٠٠٠) لاپەڕەییدا لەساڵی ٢٠١٨ لەسەر ئەرکی دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ چاپکراوە .

گرنگی ئەم ئینسکۆپیدیایە ڕەنگە بۆ ئەمڕۆی ئێمە بەشێوەیەکی سادە بێتە بەرچاو بەڵام بۆ داهاتویەکی نزیک وەک سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕبەبایەخی مێژوی سیاسی گەلەکەمان چاوی لێدەکرێت .ئامادەکردنی ئەم کتێبە بۆ ئێمەی کورد بەڵگەنامەیەکی حاشا هەڵنەگرە کەلەپێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دەریاک خوێنمان بەئازادی بەخشیوە .

ئەنجامدانی ئەم کارەی کاکە مەنتک دەکرێت بۆ ناوچەکانی تری کوردستان چاوی لێبکرێت و بکرێتە پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ تەواوی باشوری کوردستان، لەڕاستیدا گرنگە پرۆژەیەکی لەم چەشنە لەسنوری ناوچەگەرێتی بێتە دەرەوە و تەواوی سنوری جوگرافی باشوری کوردستان بگرێتەوە .

لێرەوە دەستخۆشی و ماندونەبوون لەهاوڕێم کاکە حەیدەر مەنتک دەکەم وە دەخوازم لەئایندەیەکی نزیک دا بەهیمەتی هەموان ئەم پرۆژەیە بەرفراوان بکرێت

**ئیبراهیم هەورامانی**



CamScanner


# دەستخۆشییەکی درەنگ وەخت



کاک حەیدەری برای بەڕێزم ئەزیەتی کێشاو هاتە شوێنی کارکردنم و ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی پێشکەش کردم. دێڕ بەدێڕی نووسینەکان و ئامادەکردنی ژیاننامەکان.. پێیەوەدیارە ماندووبوون و شەونخوونی و هیلاکبوونی زۆری پێوە چەشتووە، جگە لەوانەش یەکەیەکەی وێنەی شەهیدەکان.. دڵسۆزی و پەرۆشی لەبیرنەکردن و زیندووهێشتنەوەیانی لەلای کاک حەیدەردا دووپات دەکاتەوە. جێی خۆیەتی ئەم کتێبەی شەهیدانی هەولێر بکرێتە بنەما بۆ ئاماری قوربانیانی شۆڕشی نوێ لەم شارەدا و هەمیش وەکو مێژوویەکی تاڵ و ناخۆشی پڕاوپڕ لە خوێن بۆ نەوەی نوێ نیشان بدات کەوا کورد چ جۆرە قوربانی یەکی داوە. لەووڵاتانی پێشکەوتوودا و تائێستاش نەتوانراوە ئاماری سەرتاسەری شەڕەکانیان تۆمارکەن و زیندوو بیهێڵنەوە و لەم پێناوەشدا خەڵکێکی زۆر و پارەیەکی زۆر و کاتێکی زۆریشی بۆ تەرخان دەکرێت کەتەنها لەقودرەتی حکومەتەکاندایە..بەڵام جێی سەرسوڕمان و هەمیش جێی شانازی یە کەوا تاکە کەسێکی بێ پشتگیری دەزگاو دارایی بتوانێ پۆلەشەهیدێکی یەکجار زۆری شارەکەی بەژیاننامەو وێنەوە لەکتێبێکدا و بەچاپێکی جوان کۆبکاتەوە و بڵاویشی بکاتەوە. کاک حەیدەر چەندجارێک پێش بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی پەیوەندی پێوەکردم و هەندێک لەماندووبوون و شەونخوونی یەکانی ئاگاداربووم لەم کارەدا... من تەنها سەرسوڕمان و شانازیم بەرامبەر ئەم کارەی بۆماوەتەوە و دەڵێم دەستخۆش و بمێنی بۆ ئیدامەدان بەو پرۆژە و ببێ بەسەرتاسەری. کاری وا و نووسینی وا و کتێبی وا ڕێگر دەبێت لەوونبوونی مێژوو، ئێمەش هەمیشە بەدەست وونبوونی مێژوومانەوە تلاینەوە، دڵنیام کەوا ئەم کتێبە بەرهەمی چاکتر و بەپێزتری بەدوادادێت لەلایەن کاک حیدرەوە.

**تەحسین هەرشەمی**

# ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە پارێزگای هەولێر



تەمەنێک لە ماندووبوون!!!

ئەوانەی خزمەت بە شەهیدان دەکەن سومبولێکی گەورە لە مێژووی مرۆڤایەتی بۆ خۆیان تۆماردەکەن، بەتایبەتی مەبەستم (حەیدەر مەنتک)ە لە هەولێر، مەرجیش نییە ئەم دەریا خوێنە هەتا سەر بەبێ دەنگی بوەستێ، مەرجیش نییە ئەوەی ناوی تیا نەبێ، واتە ئیدی ئەژمار نەکراوە بەشەهید، ئەوەش بەرگی یەکەمە، بۆ نمونەش پەڕ بە پەڕی سەیرم کرد بۆ ناوی هاوزیندانێکم کە (٤٠) شەو لە هەیئەی خاسەی کەرکوک لە ژوورەکەمان بوو، نەنانی دەخوارد نە قسەی دەکرد جارجار بە پارچە پەڕۆیەک ئاومان دەتکانە دەمی، تەنها ئەوەشی لێتێگەیشتم کە یەکێتییە و کۆییە و ناویشی (رەجەبە) ئەوەی خۆشحاڵبووم لەکاتی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ناوی هاوڕێیەکی زیندان، کە تێکۆشەرێکی ئازای رێکخستنەکان بوو، ناوی تێدابوو، ئەویش شەهید دلێری مەلا شینە بوو، بەراستی سەلماندی چاونەترسە، هەموو دەیانناسی، بووە چاودێری هەرسێ ژوورەکەی هەیئەی کەرکوک زۆر خۆشەویست بوو. دەنگوباسی ژوورەکانی تری پێڕادەگەیاندین، لەدوا ساتی دادگاییکردنەکەی دووبارە یەکترمان بینییەوە ئەو رەوانەی ئەبوغرێب کراو، ئێمەش ئازاد بووین دواتر زانیم گەیشتە کاروانی شەهیدان.


ئێستا تێگەیشتم لەهەموو شۆڕش و نەتەوەیەکدا چۆن سەربازی وون هەیە. ئێمەش شەهیدی وونمان هەیە.

**ئازاد هەینی**



CamScanner

# شەهیدان گەورەی ئێمەن...



ئینسكلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە پارێزگای هەولێر

ئەوانەی بەخشندەن گەورەن، ئەو بەخشندەیەش گەر گیانی کەسەکان بێت دەبێ ئەو کەسانە چەند گەورەبن، بۆیە هەمووومان هەرچیەک بکەین ناگەینە قولەپێی شەهیدان، شەهیدان ناسنامەی میلەتێکی بێ کەس و چەوساوەی دەستی داگیرکەرانی هاودین، شەهیدان ئەو قەندیلەی هەموو دوژمان لە ئاستیان بەزین، بۆیە هەمیشە لە ئاستیان لە کڕنوش بن، بێ یادی شەهیدان چرایەکی خامۆشبن.

ئەمڕۆ لە مەراسیمی ناساندن و دابەشکردنی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی.ن.ک) لە پارێزگای هەولێر ئامادەبووین کە بەڕێز حەیدەر مەنتک ئامادەی کردبوو، ئێمەش شانازین بەوەی پێشەکی ئەو کتێبەمان نوسیوە و دەستخۆشی بۆ کاک (حەیدەر مەنتک) و هیواداریـن بەردەوام بێت بۆ تەواوکردنی بەرگەکانی تریش.

**دکتۆر عەبدولواحید ئیدریس**
**٢٠١٨/٣/١١**

# ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی هەولێر




نووسەر و رۆژنامەنووس کاک (حەیدەر مەنتک) لە پرۆژەیەکی ناوازەی کۆکردنەوە و بەچاپگەیاندنی کتێبێک لەسەر خەبات و تێکۆشان و شەهیدبوونی شەهیدانی سنوری پارێزگای هەولێر و باڵەکایەتی و بەتایبەتی دۆڵی باڵەیان... لەچەند بەرگێکدا بڵاوی دەکاتەوە.

ناوبراو ئەو ئەرکە قورسەی خستۆتە سەرشانی خۆی و دەیەوێت بەئەمانەتەوە راستی و دروستی و زانیاری شەهیدەکان بەچاپ بگەیەنێت و بلاوی بکاتەوە.... هیوادارم هەمووومان بەزانیارییە دروستەکان لەسەر شەهیدانمان هاوکارو پشتیوانی بەرێزیان بکەین، بەتایبەت ئەو فەرماندانەی ئاگاداری ژیاننامەی شەهیدە سەربەرزەکانن بۆ ئەوەی مێژووی شەهیدان وەک خۆی بنوسرێتەوە.

**شوانی شەهید عەبدوڵڵا وەسانی**

# چەند دێرێک بۆ برای ئازیز نووسەری سەروەری شەهیدان (کاک حەیدەر مەنتک)



لەدوای خوێندنەوە و سەرنج و تێبینیەکانم پێویستە بڵێین هەڵسانی نووسەر بەم جۆرە ئەرکە قورس و پیرۆزە بە تەنها کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆیە سەلیقەیی و لێهاتویی بەئەزموونی وردی لەکارەکانی کاک (حەیدەر) هەنگاوێکی پیرۆزە ناویەتی چونکە ئەو خۆی بەخاوەنی مەسەلەکە دەزانی بۆ گرتنە ئەستۆی ئەو کارە قورسە بە ئەمانەتەوە وەک شەهید پەروەرێک زۆر باش لەپلەی شەهادەت گەیشتووە بنەماڵەکەیان بەدەیان شەهیدیان بەخشیوە بەو خاک و نیشتیمانە لە بـرا و مـام و خـاڵ و کەس وکاری بنەماڵەکەیان و عەشیرەتەکەیان، هەر بۆیەش هەمیشە بەدڵسۆزی بە گوڕو تینێکی زۆرەوە خۆی و ئەندامانی خێزانی هەمیشە بە شەو نخونی و شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەریەک بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و سەرخستنی بەهۆی ئەزموون و شارەزایم وکارکردن لە سەرەتای نەوەدەکان لە کوردستانی نوێ و لەچاپخانەی پەروەردە و ڕۆشەنبیری و بنکەی شەهید رێباز لە سلێمانی بۆ دەرکردنی گۆڤاری شەهید، وە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێکی چەند لاپەڕیی چەندە ئاستەنگ و قورسیمان دەهاتە ڕێگا، هەر بۆیە ئەو کارەی کاک (حەیدەر) هەنگاوێکی مەزن و هەوڵێکی پیرۆزە، نووسینەوە و کۆکردنەوەی ژیاننامەی شەهیدان نووسینەوەی مێـژووییەکی پڕ سەروەرییە بۆ نیشتیمان و نەتەوەو یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان، وە هەوڵدان بە دەرهێنانی بیرەوەری و گێڕانەوەی داستانە پڕ سەروەری و قارەمانییەکان لە هـزر و بیری هاورێ و هاو سەنگەرانی شەهید وشایەد عەیانەکان و خزم و کەس وکاروخەڵکی دێهاتەکان تۆمارکردنی و خستنە سەر ڕوپەری پەرتوکێکی ئاوا مەزن و هەروەها کۆکردنەوەی بەڵگەو زانیاری داستانەکان لە سەر پەرەو ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکەکان کە لەسوچی دەڵاقەکان تۆزی لێ نیشتبوو ئەوە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ ئەمڕۆ کە کاک حەیدەر هەنگاوی بۆ ناو خستیە ئەستۆ لە دوتوێی پەرتوکێکی قەبارە گەورەی (١٠٠٠) هەزار لاپەڕەیی (لەماع) بە بەرگ و دیزاینێکی نەخشێندراوی جوانی تجلیـد کراو و سەدان وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ و ژیاننامەی (٤١٥) شەهیدی قارەمانی تیا تۆمار کراوە بۆ مێـژووی سەروەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان گەوهەرێکە کە کتێبخانەکانی پێ ئاوەدان دەبێتەوە وە هەروەهاش دڵنەوایی و ئارام بەخشییە بۆ بنەماڵەی شەهیدان و ئاوەدانی کتێبخانەی ماڵەکەیانە دڵخۆشیشن بەوەی کە کەسانێکی



CamScanner

دڵسۆزی وەک کاک (حەیدەر) هەیە مێژووی پڕ سەروەری و وێنە و یادگاریەکانی ڕۆڵەکانیان بنوسێتەوە و بڵاویان کاتەوە، لە کۆتایی دووبارە دەست خۆشی بۆ ئەوانەی ئەرکی لە چاپدانی ئەو شاکارەیان لە ئەستۆ گرت بۆ ئەوانەی ماندوبوون بە تایپ کردنی بابەتەکان بە جوانترین شێوە وە بۆ ئەو دیزاینە دەست وپەنجە نەخشینە وە هەنگاو وئەرک و ماندوو بوونی کاک (حەیدەر مەنتک) بە تەرخانکردنی کاتی (٣٠) سی مانگ کارکردن خۆیی و ئەندامانی خێزانی بەهەوڵێکی گەورە و پیرۆز دەنرخێنم هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازم، سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنم لە ئاست گەورەیی و پیرۆزی شەهیدان ڕوحیان شاد و ئارام

.... پێشـنیار:


* پێشنیاردەکەم دەزگای پەیوەندی دار و ناوەندی یەکێتی هاوکاربن بۆ کاری داهاتوو.
* دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە وە بەردەوامی هەبێت.

**سەفین عومەر حەسەن فریزی**



CamScanner

# ئینسکلۆپیدیای شەهیدان،تاکە بەڵگەی بێ جیاوازی....



شەهیدان، ئەو مرۆڤانەن، گیانی خۆیان کەپێوانە ناکرێت بەهیچ شتێکی دنیا، خۆنەویستانە لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی گەل و نیشتمانەکەیان، بەخت دەکەن. زۆر بەداخەوە،ساڵەهایە ئێمەی کورد غەدرێکی زۆرمان لەشەهیدان کردووە، لەبۆنەکاندا ملیۆنەها دەقیقە، بۆ گیانی شەهیدانمان بەبێ دەنگی و بەپێوە وەستاوین، بەڵام بێ ئەوەی لەگەورەیی بڕیاری شەهادەت و پەیامی شەهیدانمان بگەین، یاخود بیرمان چووە،کە ئەم مرۆڤە مەزنانە لەپێناوی دادپەروەری یەکسانیدا گیانیان بەختکردووە. هەوڵ و ماندووبونەکەی هەڤاڵ (حەیدەر مەنتک)، جێگەی پێزانین و دەستخۆشیە، جگە لەوەی بەشێکی دیکەی بۆ لاپەڕەکانی پەرتوکی مێژووی کورد زیادکردووە،دەستەواژەی فلان شەهیدو هەڤاڵەکانیشی لابردوەو پلەبەندی شەهیدانیشی لەم بەڵگەنامە مێژووییە لابردووەو ئینسکلۆپیدیاکەشی، وەکو ئەو سەنگەرە نیشانداوە،کەبێ جیاوازی پێشمەرگەو سەرکردەو فەرماندەکان لەڕابردوودا بەیەکەوە گیانیان،تیادا بەختکردووە. بەبڕوای من ئەم پڕۆژەیە، تاکە پڕۆژەیە هەم گیانی شەهیدان و هەمیش زیندووەکان شادو ئاسودە دەکا،چونکە هیچ جیاوازیەکی تێدا نیە لەنێوان ئەم شەهیدانەی کە لەسنوری مەڵبەندی هەولێردا گیانیان بۆ ئەم ئازادیەی ئەمڕۆ بەختکردووە. لەئەستۆگرتنی ئەرکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەکەشی لەلایەن سەرکردەی گەنج کاک (دەربازی کاک کۆسرەت)، نیشانەی وەفاو ئەمەکداریە بۆ خوێنی شەهیدان و بەشێکی گرنگی مێژووی پڕ لەسەروەری گەلەکەمان. بۆیە پێویستە دەستخۆشی لەکاک دەرباز بکەین، چونکە زۆربەی هەرەزۆری سیاسی و سەرکردەکان،ئەوەی بیریان نەبێ شەهیدان و مێژووە پڕ لەشکۆیە کەیانە.

**هەژار سدیق**

# پەیڤێک بۆ ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی. ن. ک) لە پارێزگای هەولێر



یەکێک لە کارە کەم وێنە و دەگمەنەکانی هەڤاڵ (حەیدەر مەنتک)، شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەرێبەرایەتی (ی. ن. ک) خاوەنی دەیان پرۆژە و ئایدیای تازەگەریبوون، لەگەڵ دامەزراندیدا بایەخێکی زۆری داوە بە بواری رۆشنبیری و راگەیاندن و پێگەیاندنی کادران، لەم روانگەیەوە چەندین کادیر و شارەزای لە بوارە جیاجیاکان پێگەیاندووە و شوێن پەنجەیان دیارە.

یەکێک لەم کادیرە دیارانە هەڤاڵ (حەیدەر مەنتک)ە کەلەم چەند ساڵەی دوایدا شانی داوەتە بەر ئەرکێکی قورس، ئەویش ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیای شەهدیانی (ی. ن. ک)ە لە پارێزگای هەولێر، دڵنیام ئەم کارە دەچێتە چوارچێوەی هەوڵێکی تاکەکەسی، بەڵام خزمەتێکی گەورەیە بە مێژووی یەکێتی بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی لەبەرگی یەکەمدا ژیاننامەی (٤١٥) شەهید و ژمارەیەک وێنەی شەهیدان و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی هەولێری تێدا بڵاوکراوەتەوە، لەبەرگی دووەمیشدا ژیاننامەی (٦٠٧) شەهیدی سنوری پارێزگای هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ئەگەر تا ئێستا هەولێر و نەوەی ئێستاو داهاتوومان ئاشنا نەبوون بە فیداکارانی رۆژانی سەخت، لێرە بەدواوە هەموان ئاشنا دەبین بە ژیان و تێکۆشانی رۆڵە بەوەفاکانمان وێرای دەستخۆشی و پێزانینمان بۆ ئەم هەوڵە کەم وێنەیەی هەڤاڵ (حەیدەر مەنتک) داواکارین ئەم پرۆژەیە ببێتە سەرەتای پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای شەهیدانی (ی. ن. ک) بە گشتی و ئەرکەکەشی بەناوبراو بسپێردرێت و پاڵپشتی بکرێت، چونکە دڵنیام توانای راپەراندنی ئەم کارەی هەیە و سەرکەوتوو دەبێت، بەمەش داهێنانێکی تر دەچێتە سەر خەرمانی داهێنانەکانی تری یەکێتی لەسەر دەستی کادیرێکی گەنج. لەگەڵ ئومێدی سەرکەوتن...

**کاکە زیاد حەمەد عەبدوڵڵا**

# شەهیدانی (ی ن ک)




نۆرن لەو کتێبانەی بە زمانی شیرینی کوردی، لە کوردستانەوە دێنە ناو کتێبخانەکەم لە ستۆکهۆڵم، بەڵام ئینسکلۆپیدیای شەهیدان یەکێکە لە دیارە هەرە نایەب و جوانەکان، لە ئامادەکردنی کاک (حەیدەر مەنتک) بە قەبارەی هەزار لاپەرە کە بۆی ناردبووم، سوپاسی خۆی و کاک نەوزاد عەلی ئەحمەد دەکەم. ئەم کتێبە ئاخ و هەناسەی ئەو شەهیدانەیە کە شاخ و کەندو دۆڵ و جادەو دەشت و دەروو رەبایە سەختەکانی دوژمنی داگیرکەریان دەبری بۆ ئازادی و سەربەخۆی، ئەو کتێبەیە ئەگەر پەنجەکانی کاک حەیدەر نەبووبا، پاش ماوەیەکی تر بێ موراڵ و خۆشەویستانی دۆڵارو دەسەڵات سوێندیان بە کوردستان دەخواردو کە هەرگیز ئەوانە بوونیان نەبووە، خەباتیان نەکردووە. ئەگەر ئەو یادە کورتەی هەر شەهیدە قارەمانیک نەبووا، ئەوا ئەو ستەمکارانەی دەسەڵات رێگایان لە دایک و کچ و خێزانە رەش پۆشەکانیان دەگرتن کە سەردانی گۆرە پیرۆزەکانیان بکەن، بە بیانووی ئەوەی مێژووی هی خۆیانە نەک هی خوێنی شەهیدە بێنازەکان . کتێبێک پر لە بیرەوەری و رەنگ و دەنگی ئەو هاورێیانەی رێگای سەختی کوردایەتی وکۆمەڵەو شورشگێران. تەنیا یەک رەخنەی بچوکم لە کاک حەیدەر هەیە، خۆزیا نەی دەنوسی سەر بە چ عەشیرەتیکن، چونکە ئەو کات عەشیرەت لە هزری هیچ شەهید و پێشمەرگەیەک بوونی نەبوو، یەکێک لە خاسیەتەکانی جیاکردنەوەی شەهیدو سەرۆک جاشەکان ئەوە بوو، کە جاشی فلان عەشیرەت و سەرۆک جاشیش سەرۆکی عەشیرەتەکانن. پێشمەرگەکانیش هی گەل و نیشتیمان و (ی ن ک) و لایەنەکانی تر بوون .

**ئیدریس سۆرانی**

2020

# Martyrs Encyclopedia of PUK in Hawler Government



Patriotic Union of Kurdistan

ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی هەڤاڵ دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ چاپکراوە